# چاودێری ڕاستەوخۆی گەل لەسەر کاروباری حکومەت

د.مصطفى رسول حسين

بۆ یەکەمین کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی هاوبەشی هەردوو کۆلێجی یاسا و ڕامیاری زانکۆی سلێمانی و کۆلێجی یاسای زانکۆی جیهان –سلێمانی

**پوختە**

**زانایانی دەستوری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ،گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، لەم ڕوانگەیەوە ،مافی گەلە بەشێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چاودێری کاروبارەکانی حکومەت بکات، چاودێری ڕاستەوخۆ لەڕێگەی (ڕای گشتی ، پارتە ڕامیاریەکان ، هۆیەکانی ڕاگەیاندن) دەبێت ،بەڵام چاودێری ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی (ئەندامانی پەڕلەمان ، دام ودەزگا ی کارگێڕی و دارایی تایبەت بە چاودێری کردن) دەبێت ،پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە زەمینەسازی بنچینەیی فیکری وفەلسەفی بۆ چاودێری ڕاستەوخۆی گەل چیە؟ وشێوازەکانی چین.**

**لەسەر ئەو نبنچینەیەش توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ دووباس ،یەکەمیان بۆ بنچینەی فەلسەفی وقانونی چاودێری ڕاستەوخۆی گەلە ودووەمیان بۆ شێوازەکانی چاودێری ڕاستەوخۆی گەلە.**

**الملخص**

تعد الرقابة الشعبية المباشرة على اعمال الحكومة مسألة مهمة لأن الشعب هو مصدر السلطات وتتم هذه الرقابة من خلال (الرأي العام ،الاحزاب السياسية ،وسائل الاعلام) .اما الرقابة غير المباشرة فتتم عن طريق البرلمان و دوائر و مؤسسات الرقابة الادارية المالية،والسؤال الرئيسي هنا ماهو الاساس الفكري والفلسفي والقانوني للرقابة الشعبية المباشرة. وعلى هذا الاساس قسمنا بحثنا الى مبحثين: الاول للأساس الفلسفي والقانوني للرقابة الشعبية المباشرة و الثاني لأنواع او الاساليب للرقابة الشعبية المباشرة على اعمال الحكومة.

## Absrtact

Direct Control by the people on government decisions and actions, is an important issue because the people are the source of all authorities ,Direct control will be done through ( general opinion, political parties ,and media) while Indirect control will be done through ( parliamentary control ,the organization for controlling Administrative and financial activites ) the main question that arises is, what is the philosophical and legal basis of Direct Control?

Therefore ,we divide our reseach In two Section in the first Section we explain the philosophical and legal basic of control.and in the second we explore the forms of control.

## پێشەکی

**1-ناساندنی بابەتی توێژینەوەو خستنەڕووی گرنگیەکەی:**

**چاودێری ڕاستەوخۆی گەل لەسەر کاروبارەکانی حکومەت ،بە بابەتێکی گرنگ و هەستیاریش دادەنرێت کەسەرنج ودیدی توێژەرانی یاسایی و سیاسیشی بۆ خۆی ڕاکێشاوە بەو پێیەی گەل سەرچاوەی دەسەلاتەو لەزۆربەی دەستووری وولاتانی جیهان دەقی لە بارەیەوە هاتووە، بۆ خراپ بەکارنەهێنانی ئەم دەسەلاتەی کە لە لایەن نوێنەرەکانی گەل پیادەدەکرێت ، چاودێری کردنی بە کارێکی هەنوکەیی وپێویست دادەنرێت ، شێوەی جۆراو جۆر بۆ ئەو چاودێری کردنەش هەیە ،بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت لە لایەن گەلەوە ،کەخۆی دەبینێتەوە لە : ( ڕای گشتی ، پارتە سیاسیەکان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن) , یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەبێت: (بە چاودێری پەرلەمان ، یان لەڕێگەی دامەزراوە پسپۆڕوتایبەتمەندەکان بە چاودێری کردن بێت).**

**2-گریمانەی توێژینەوەکە**

**بێگومان لەبارەی توێژینەوەکە چەند پرسیارێکی گریمانەیی لای توێژەر دەخرێتەڕوو لە گرنگترینیان ، مەبەست چیە لە چاودێری ڕاستەوخۆی گەل لەسەر کاروبارەکانی حکومەت؟ ئایا بنچینەی فیکری وفەلسەفی ویاسایی بۆ ئەم چاودێری کردنە چیە ؟ کام جۆرە کاریگەری زیاترە لەسەر ئەدای حکومەت،چاودێری ڕاستەوخۆ یان چاودێری ناڕاستەوخۆ؟شێواز و میکانیزمی ئەم جۆرە چاودێری کردنە دەبێت چی بن؟**

**3- میتۆدی توێژینەوەکە:**

**سروشتی زانستی توێژینەوەکەوایە چەند ڕێچکەو میتۆدێك لە بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکەدا پەیڕەو کراوە وەك میتۆدی (مێژوویی ، ، شیکاری ، بەراوردکاری ).**

**4-پەیکەری توێژینەوەکە :**

**بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بەستاندارێکی زانستی،لایەنە پەیوەندیدارەکانی بابەتی توێژینەوەکەش لە خۆبگرێت وەربگرێت ،پلانی توێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ بۆ پێشەکی و دووباس وکۆتایی کە تیایدا دەرەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتە ڕوو.**

**باسی یەکەم :تەرخانمان کردووە بۆ بنچینە یاسایی وفەلسەفیەکان بۆ چاودێری کردنی ڕاستەوخۆیی گەل لەسەر کاروباری حکومەت.**

**باسی دووەم: تایبەتکراوە بۆ شێوەکانی چاودێری ڕاستەوخۆیی گەل لەسەر کاروباری حکومەت.**

## باسی یەکەم

### بنچینەیی یاسایی وفەلسەفی بۆ چاودێری کردنی ڕاستەوخۆیی گەل لەسەر کاروباری حکومەت.

**بنچینەی ڕەوابوونی دەسەلات خۆی دەبینێتەوە لە ڕادەی ڕەزامەندی گەل بۆ کاربەدەستان وکاروبارەکانیان، ئەمەش بەرتەسك نابێتەوە تەنها لە پەنا بردنەبەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ وەرگرتنی دەسەلات ،یان دەستاو دەستکردنی ،ئەگەر چی ئەو پرۆسەیە بۆ ڕەوایی (شەرعیەتی) دەسەلات پێویستیەکی هەنوکەییە بەلام تەنها میکانیزمێکی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی نیە ، بەڵکو پێویستە بۆ تەواوکاریی ئەو ڕەوای بوونەی دەسەلات ،دەستکەوت وبەرهەمی کاروکردەوەکانیشیان چاودێری وهەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لە لایەن گەل ، بەو پێیەی گەل سەرچاوەی دەسەلاتەکانە.**

ئاوێنەی ڕاستەقینەو دەرخەری ڕەوایی بوونی دەسەڵاتیش بریتیە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گەل، لەو پێناوەشدا مافی چاودێری کردنی بەسەر کارو بارەکانی دەسەڵاتە گشتیەکان ،کارێکی سەلماو ، چەسپاو،پێویستیشە بۆ دەرخستنی ڕەزامەندی گەل ، بەڵام ئەوەی ڕاو بۆچوونی جیاوازی لە بارەوەیە بنچینە و زەمینەسازیە فیکریوفەلسەفی ویاسایە کە ڕێگە دەرەخسێنێت بۆ گەل تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو کارە هەستێت ، لەم باسەداو بەپێی سەرهەڵدانی مێژوویی لەو بنچینانە دەدوێین نباسەکە دابەش دەکەین بۆ سێ تەوەر کە هەریەکەیان تایبەتە بە بنجێکی چاودێری کردنی ڕاستەوخۆیی گەل لەسەر کاروباری حکومەت.

تەوەرەی یەکەم: بنەمای سەروەرێتی گەل .

تەوەرەی دووەم : دەوڵەتی یاسایی .

تەوەرەی سێهەم: دیموکراسی ڕاوێژکاریی وتیۆری فەزای گشتی.

## تەوەرەی یەکەم

## تیۆری سەروەری گەل

داڕشتنی ئەم تیۆرە لە ڕووی مێژوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ، (شیشرۆن) ، بانگەشەی بۆ دەکردلەژێر کاریگەری بە فەلسەفەی باوی ئەوسەردەمەی ڕۆما ،لە ژێر سایەی کارکردن بە یاسای سروشتی و بنەمای یەکسانی نێوان هاوڵاتیان .

بەگوێرەی تێۆری سەروەری گەل[1]، سەروەری چەسپاوە بۆ کۆمەڵگە بەو وەسفەی یەکەیەکی پێکهاتوو لە تاك بە تاکی هاوڵاتیان ، بنیات لەسەر ئەو ووتەزایە ،هەر تاکێك خاوەنی بەشێکی سەروەریەکەیە.

دەرەنجامی کارکردن بەم تیۆرە ،هەڵبژاردن بە مافی هاوڵاتی دادەنرێت نابێت وابەستە بکرێت بە کۆمەڵە مەرجێکی وەك توانای دارایی و ئاستی ڕۆشنبیری و تایبەتکردنی تەنها بۆڕەگەزێکی دیاری کراو، بەم پێیە دەنگدان دەبێت گشتی بێت و ،هەر نوێنەرێکیش لەو هەڵبژاردنە دەردەچێت بە بریکاری دەنگدەرەکانی دادەنرێت لە و بازنەی هەڵبژاردنەدا ،دەنگدەران دەتوانن ڕاو سەرنج وڕێنمایی خۆیان بدەن بە نوێنەرەکانیان ، ئەوانیش لەسەریانە بەو ڕاسپاردەو ڕێنماییە کاربکەن وجێبەجێی بکەن چونکە هێزی پابەندیەتیان هەیە ، لەسەر نوێنەرەکان پێویستە جێبەجێکردنیان و پابەندبوون پێیانەوە[2].د

بەگوێرەی ئەوەی کە نوێنەرەکان بریکاری دەنگدەرانن ، ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ پاساودان بە لابردنی نوێنەرەکان و کۆتایی هێنان بەکارەکانیان لە لایەن دەنگدەرەکانەوە ، لەم ڕوانگەیەوە چاودێری کردنی گەل لەسەر

---

[1] کەباس لە تیۆری سەروەری گەل دەکرێت، لەبەرامبەریشدا دەبێت باس لە تیۆری سەروەری نەتەوە بکرێت ،کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی فەرەنسی لە دیارترینیان (ژان ژاك ڕۆسۆ) یە کە بانگەشەی ئەوەی کردبوو سەروەری بۆ نەتەوەیە ،بە پێیەی یەکەیەکی ئاوێتەو یەکپارچەیە کە جیاوازە لەو تاکانەی پێکیان هێناوە بەڕای ئەمان ،تاکی هاوڵاتی مافی بوونی سەروەری نیە چونکە سەروەری شیاوی بەش کردن نیە ، لەسەر ئەم بنچینەش چەند دەرەنجامێکی پێچەوانەوجیاواز لەو دەرەنجامانەی لە تێۆری سەروەری گەلان دەردەچێت.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی 1789 ، لەچەندین دۆکۆمێنتی یاسایی جەختیان لەسەر ئەم تیۆرە کردبووەوە.بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوەیە ،د.محمد رفعت عبدالوهاب، النظمالسياسيةدارالمطبوعات الجامعية، ، الاسكندرية،1993،ص76.

[2] د.سليمان محمد الطماوي، السلطات الثلاث في الدساتير العربية المعاصرة و في الفكر الاسلامي، ط6، دار الفكر العربي، القاهرة، 1996،ص 451.

دەسـەڵاتە گشـتیەکانو بەتایبـەت لـە سـەر نوێنـەرانیان لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان ،دەروازەیـەکی ئاوەڵایـە جـا بەشـێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.[3]

لـە ڕوانگـەی ئـەم تیـۆرە ،یاسـا گوزارشـت لـە وویسـتی زۆرینـە دەکـات و لەسـەر کەمینـەش پێویسـتە ملکەچـی یاسـابێت ، ئەگەرچـی لـە هەنـدێك بـاردا و بـەپێی ئـەو ڕێکخسـتنە دەستوریەی بـۆی داڕێـژراوە دەکرێـت تانـە بـدرێت لـە نادەسـتوری یاسـاکان،بەڵام خـاڵی گـرنگ وجەوهـەری لـەم تیۆرەدا ئەوەیـە ،گـەل (پـاریزراو) وبـەدەرە لـە هەڵـە ،بۆیـە ئـەو یاسایانەش کە بەزۆرینەی ڕای گەل دەردەچێت هەر دروستەودووورە لە هەڵە.

پەیوەست بەبنەمای سەروەری گـەل ،دەکرێـت ئامـاژە بـە دیموکراسـی بـدەین وەك بنچینەیەکی بـەهێز بـۆ مـافی گەل لە چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبە جێکردن ، لەمەشدا تیشك دەخەینە سەر ئەو پێناسـەیەی کە (Mclver) بۆ دیموکراتی کردویەتی و دەڵێت : (دیموکراتی بریتیە لە چاودێری گەل بەسەر حکومەتەوە).[4]

بەشێکی دیکەی زانایانی هاوچەرخیش لە پێناسەکردنی دیموکراتی دەڵێن : ( ئەو حکومەتەی کە دامەزراوە لە سەر بنچینەی سەروەری گەل و بەدیهێنەری سەربەستی و یەکسانی ڕامیاریە بۆ هاوڵاتیـان، دەسـەڵاتیش ملکەچ دەبێت بۆ چاودێری ڕای گشتی ،بەگرتنەبەری هۆپێناوی یاسایی دەکرێت ملکەچی یاسا بکرێت)[5].

**تەوەرەی دووەم**

**دەوڵەتی یاسایی**

بنەمای ڕەوایەتی کە کارپێکراو ە لە دەوڵەتیی یاسایی و ناونیشـانی ڕاستەقینەی ئـەو دەوڵەتەیـە ، لـە مانـا زاراوەییەکەیانـدا (دەوڵـەتی یاسـا) پەیوەسـت دەبێتـەوە بـە (بنـەمای ڕەوایـەتی) چـونکە دەوڵـەتی یاسـا پشـت دەبەستێت بە بوونی ڕێسایی پلەبەند لە ڕووی هێزی یاساییانەوە ئەمەش وەها دەخوازێت کەدەسەڵات پێوەی پابەندبێت و ملکەچـی بێـت ، بـەڵام بنـەمای ڕەوایـەتی کـە مانـای سـەروەری یاسـایە وەهـا دەخوازێـت کەهـەموو کاروبڕیـارێکی دەسەڵاتەگشتیەکانی دەوڵـەت بـەگوێرەی یاسا بێت و لـە چوارچێوەی یاسا بە مانا فراوانەکەی دەرنەچێت ، ئەگـەرنا کاروبرشـیارەکانی پـووچ و باتـڵ دەبێـت ،شایانی ئاماژەیـە یـەکێك لـە و هـۆ پێناوەشـی کـە دەسـتەبەری بـە دیهێنـانی (بنەمای ڕەوایەتی ) دەکات، بوونی چاودێریە لەسەر دەسەڵاتە گشتیەکان و بە دیاریکراوی دەسەڵاتی جێبەجێکردن .[6]

دەسەڵات ویاسا لە گرنگترین کۆڵەکەکانی دەوڵەتن، سروشتی پەیوەنـدی نێوانیـان ئـەوە دیـاری دەکـات هـەتا چ ڕادەیەك نزیکین لە دەستەواژەی دەوڵەتی یاسا بە مانا سـەردەمیەکەی ، پەیوەنـدی دەسـەڵات بـە یاسـاوەو ملکـەچ بـوونی بۆی پەیوەندیەکی ئۆرگانیە و بە کۆمەڵێك قۆناغی جیاوازی مێژووی ڕۆیشتووە.

لەسەددەکانی ناوەڕاست ئەوەی لە برەودابوو ،ئەمـە بـوو کـە فـەرمانڕەوا ،بـە وویسـتی ڕەهـا و ئـارەزووی خـۆی دەتوانێت چی دابڕێژێت و دەری بکات لە دەسـتورو یاسـاکان ،بەمەبەسـتی چەسـپاندنی حـوکم و بـەبێ گوێدانـە ئـارەزوو ،ویستی گەل ئەو بیرانە بوو زەمینەی ڕەخساند بۆ دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی ئەڵمانـەکان لـە سـەددەی نـۆزدە لـە ڕێگـەی فەلسـەفەی (هیگـڵ) کـە دەسـەڵاتی دەوڵـەتی ئەوەنـدە بـەلاوە گـرنگ و بـەهێز بـوو گەیاندبوویـە ڕادەی پیرۆزکـردن ، لـەو سەروبەندەشداو بەسوود وەرگرتن لەو بیرۆکانە (بسمارك) توانی ئەڵمانیا یەکبخات[7].

---

[3] د.ثروت بدوي ، النظم السياسية ،ط□،دار النهضة العربية،القاهرة، □□□□،ص□□□.

[4]رؤبيرت ماكيفر،تكوين الدولة، ترجمة، حسن صعب، ط2، دارالعلم للملايين، بيروت ،1984،ص220.

[5]د. ابراهيمعبدالعزيزشيحا . القانونالدستوري،تحليلالنظامالدستوريالمصريفيضوءالمبادئالدستوريةالعامة،بيروت : الدارالجامعيةللطباعةوالنشر،1983 م. ص□□□و د. حسنالبدراوي . الاحزابالسياسيةوالحرياتالعامة،الاسكندرية : دارالمطبوعاتالجامعية،2000 ،ص □□.

[6]عبدالله المرسي ،سيادة القانون بين الشريعة الإسلامية والشرائع الوضعية، المكتب المصري الحديث للطباعة، 1972،ص240.

[7]د.سعد عصفور ،القانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 1954،ص 243.

هەرئەو بیرۆکانەش بوو کە مارکسیەت پشتی پێبەستبوو بۆ بەرجەستەکردنی فەرمانڕەوایی بەهێز ودیکتاتۆریەت وەك ئامرازێك بۆ سەرکوتکاری وستەم .

هەر ئەو زەمینەسازیە فیکریە بوو لای (نازی) و (مارکسیەکان) لەو سەردەمەدا ، ببێتە هۆی ئەوە باوەڕیان بە بنەمای یەکپارچەی دەسەلآت هەبێت ،نەك بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەلآتەکان، چونکە ئەوان بیرو ڕایان وابوو کەدەوڵەت (دەسەلآتی فەرمانڕەوا) هەڵدەستێت بە هەموو ئەرکەکانی لە بواری (یاسادانان ، جێبەجێکردن،دادگەری) ، یاسا گوزارشتە لە وویستی دەسەلآتی ڕامیاری .

هاولآتی (تاك) بەدەر لە هاوکێشەکە جا بەدەرکردن وداڕشتنی یاسا بێت یان بە چاودێری کردنی بوایە.

نەش ونماکردنی بیری دیموکراتی وبیروباوەڕی فەیلوسەفەکانی چاخی ڕۆشنگەری وەك (جۆن لۆك) و (ژان ژاك ڕۆسۆ) لە بارەی جیاکردنەوەی دەسەلآتەکان ،پێویستی کۆت وبەندکردنی دەسەلآتی فەرمانڕەواکان بە یاسا ڕێگەی خۆش کرد بۆ داننانان بەوەی تەنها گەل سەرچاوەی دەسەلآتە نەك فەرمانڕەواکان، بنیات لەسەر ئەوانەش ئەوەیان بەمەرج دانا بوو کە یاسا دەبێت دەربڕی وویستی گەل بێت نەك فەرمانڕەواکان ، بەوەش گەل مافی هەبوو بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چاودێری پرۆسەی جێبەجێکردنی یاساکان بکات کە ئەنجام دەدرێت لە لایەن دەسەلآتی جێبەجێکردنەوە.پاساویشیان بۆ ئەوە بریتی بوو لەوەی پەیوەندی نێوان گەل و فەرمانڕەوایانی پەیوەندیەکی گرێبەستیە ،بۆیەگەل مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی هەیە ئەگەر فەرمانڕەوا پێشێل وسەرپێچی بەندەکانی گرێبەستەکەی نێوانیان بکات، دوای ئەمەش گەل پەنا دەبات بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایی نوێ بەبێ ئەوەی پرۆسەکە سەربکێشێت بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و مەترسی خستنە سەر سنورو مانەوەی پێکهاتەکەی[8].

بنیات لەسەر ئەوانەی خستمانە ڕوو زانایانی یاسای دەستوری هاوچەرخ ، هاوڕان لەسەر ئەوەی دەسەلآتی دەوڵەت لە ڕاستیدا دەسەلآتێکی (یاساییە) نەك جیاکاریی ودەسکەوتێك بێت بەخشرابێت بە فەرمانڕەوایان هەتا چۆنیان بوێت وەها پیادەی بکەن، نەخێر ئەو دەسەلآتە دەبێت وەها ئەنجام بدەن لە و چوارچێوە یاسایەدا بێت کە ناوزەند دەکرێت بە (پسپۆڕیەتی ) بە ڕێزگرتن ودەرنەچوون لە هیچ کام لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ، ( کەسی ،بابەتی،زەمەنی، شوێن ) ی پیادەکردنی، هەر دەرچونێك لەو ئەرکمەندیە پسپۆڕیەتیەی کە بۆی دانراوە کارەکە ناڕەوا و نایاسایی دەکات ،بەهەر میکنیزمێکی چاودێری و ەدواداچوون لە لایەن گەل ڕاستەوخۆ خۆی بێت یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دامەزراوانە بێت کە نوێنەرایەتی ئەو دەکەن.[9]

دەوڵەتی یاسا (Rechtsstaat) لە ڕووی مانا زمانەوانیەکەیی وبەوەرگێڕانی لە زمانی ئەڵمانیەوە بەمانای دەوڵەتی داد یان دەوڵەتی ماف دێت ، نووسەرە ئەڵمانەکنیش کە لەبنەڕەتە مێژوویەکەی دەکۆڵنەوە و ئاماژەی هەرەسەرەکیان لە ڕووی مێژوویەوە بۆ نوسراوەکانی فەیلەسوف (کانت) ە چونکە لە پێشینەی ئەو زانایانە بووە لە بارەی چەمکەکەوە دوواوە و بە (دەوڵەتی دەستووری) ناوزەند کردووە، کە لەسادەترین مانایدا واتایی سەروەری دەستووری نووسراوی دەوڵەت دەگرێتەوە.

بەووردبونەوەو بەراوردکردنی مانا کە لە ڕووی زمانەوە ،دەبینین جیاوازی ووشەکە هەیە بە تێپەڕبوونی کات و بەجیاوازی شوێنیش ،بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزی دەستەواژەی (Rule of law) بەکاردەهێنرێت کە دەربڕی سەروەری یاسایە، بلآم لە زمانی فەڕەنسیدا ( La Etate de Droite) بەکاردەهێنرێت بە مانای دەوڵەتی مافەکان دێت. لەو نێوەندا ئەوەی لەزمانی کوردیشدا زیاتر بەکاردەهێنرێت، دەوڵەتی یاسا یە.[10]

بنچینە زمانەوانیەکەی بەهەر ماناو دەستەواژەیەك هاتبێت ،لەڕووی زاراوەییەوە بەشێکی زۆری زانایانی دەستووری هاوڕان لەسەر ئەوەی دەوڵەتی یاسا : ( ئەو دەوڵەتەیەکە تیایدا چالاکی دەسەلآتە گشتیەکان لە کارو بڕیارە

---

[8]سمير خيرى توفيق ، مبدأ سيادة القانون ، دار الحرية ،بغداد، 1978، ص 11.

[9]د.محمد كامل ليلة ، النظم السياسية ، دار النهضة العربية، بيروت، 1969،ص 235.

[10] سمير خيري توفيق، مصدر سابق ، ص[illegible].

جۆراو جۆرەکانی ( یاسا دانان ، جێبەجێکردن، دادگەری) سنوورو چێوەی بۆ دانراوە بە یاسا و دەسەلأتە گشتیەکانی دەوڵەت بۆیان نیە لەو کۆت وبەندە دەربچن ،بە یاسا بۆیان دیاری کراوە).

ئەم هەوڵدانە بۆ کۆت وبەندکردنی دەسەلأت بە یاسا لەو پێناوەدایە کە دەسەلأت ڕەها نەبێت ، چونکە بە گونەی ( مۆنتسکیۆی) فەیلەسوف : ( دەسەلأتی ڕەها هەمیشە بە ڕەهایی گەندەڵیە) .

ئەو پرۆسەی کۆت وبەندە هەروا سادەو سانا نیە ،تەنانەت لەسەر ئاستە تیۆریەکەشی زانایان هاودەنگ نین ،بەشێکیان بنچینەی ئەو کۆت وبەندکردنەیدەسەلأت بنیات دەنێنن لەسەر (یاسای سروشتی Natural law) لە دەرەنجامی ئەوەشەوە ،تیۆری یاسای سروشتی ، مافە فردیەکان وەك دەرەنجام ڕیز بەندبوون.

بەشێکی دیکەی زانایان بنچینەی کۆت وبەندکردنی دەسەلأتەکان بنیات دەنێنن ،لەسەر ڕێبازی یاسای دانراو (پەیرەوکراو Positive Law) لەئەنجامدا ، (تیۆری دیاریکردنی خوی) ، (تیۆری هاوپەیوەندی کۆمەلأیەتی ) وەك دەرەنجام کەوتوەتەوە.

تیۆری یاسای سروشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەی کۆنی یۆنانیەکان ، لەسەر فەیلەسوف ( ئەرەستۆ) ئەوە داهات کە سروشت سەرچاوەی دادپەروەریەو لەم ڕووەوە ئەو دادپەروەریەشی بە ڕەها وەسف کردبوو،بۆیە پێشنیازی بۆ یاسادانەری ئاسایی کردبوو لە دانانی یاساکاندا هەمیشە بگەڕێتەوە بۆ یاسای سروشتی بۆ زامن کردنی دادپەروەری لەو یاسایانەی کە دایان دەنێت).

ئەوەی وەك ڕەخنە لەم تیۆرە گیراوە ،سروشت وهێزی ئەو کۆت وبەندەیەکە لەسەر دەسەلأتی دەوڵەت دادەنرێت چونکە کۆت وبەندێکی سروشت ئاکاریی و وتاییەو پابەندنەبوونی دەوڵەت هیچ سزایەك بەدوای خۆیدا ناهێنێت. سەرەڕای ئەو ناڕوونیەی لە تیۆرەکەدا هەبوو ، کەوەك ڕەخنەیەك ئاڕاستەی تیۆری یاسای سروشتی کراوە.

تیۆری مافە فەردیەکان ،کە بنچینەی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت و لەیاسای سروشتیەوە کەوتوەتەوە وەك دەرەنجام، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تاك (مرۆڤ) کۆمەڵە مافێکی هەیە وبۆی چەسپاوە هەر لەو سەردەمەی کە لەسروشتدا تەنیا ودابڕاوبووە وپێش وابەستە بوونی بەکۆمەڵگەی سیاسیەوە هەی بووە ،بۆیە لەسەر دەوڵەت پێویستە پابەند بێت بەو مافانەو بیانپارێزێت و پێشێل و زەوتی نەکات لێیان.[11]

ئەم تیۆرە پاڵپشتی کرا لە لایەن شۆرشگێرانی شۆرشی گەورەی فەرەنسی ولایەنگرانی لە برەودابوو ئەوەبوو بەرجەستەیان کرد لە ماددەی (1) ی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ و هاولأتی فەڕەنسی کە لەساڵی 1789 دەرچوو بوو ،هەروەها لە یەکەم دەستووریان کە لە ساڵی 1791 دایاننا بوو ، بە دەق هاتبوو کە : ( دەسەلأتی یاسادانان بۆی نیە، یاسایەك دابنێت دەستێژی و کۆسپ دروست بکات بۆ ئەو مافە سروشتی و شارستانیانەی تاك کەلەم بەشەدا دەقیان لەبارەوە هاتووەو دەستور دەیان پارێزێت).

ئەم تیۆرەش ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووەتەوە لەگرنگترینیان ،بنیاتنانی تیۆرەکەیە لەسەر گریمانەیەکی ڕووتی دوور لە ڕاستیەوە بەوەی مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا بە تەنها و دوور لە کۆمەڵگە ودابڕاو ژیاوە ،ئەمەش بە دروست دانانرێت چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی بە سروشت کۆمەلأیەتیە و لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا ژیاوەو دەژی.

لەو بارەیەوە دوواون ، بیرو ڕایان وابوو کەدەوڵەتی خاوەن سەروەری نابێت ملکەچی هیچ جۆرە وویست و ئیرادەیەکی دیکە بێت نجگە لە وویست و ئیرادەی دەوڵەت خۆی ،چونکە بەو ملکەچیەی پێکهاتەو سەروەری دەوڵەتەکە لەدەست دەدات ، بۆیە دەبێت ملکەچ بوونی دەوڵەت بۆ یاسا تەنها بوویست و ڕەزامەندی خوودی خۆی بێت .لە دیدگای ئەو دوو زانایە ،یاسا دەستکردی دەوڵەت خۆیەتی ،پیوەی پابەندە هەروەك چۆن هاولأتیان پابەند دەکات پێوەی ،ئەم پابەندیەش دژنیە بە بیرۆکەی سەروەری ،چونکە سەروەری مانای دەسەلأتی بێ سنوور ناگەیەنێت، ئەو مانایەی هەیەتی ئەوەیە نکوڵی دەکات لە کۆت وبەندکردنی دەسەلأتی دەوڵەت لەلایەن دەسەلأتێکی دەرەکی یان بالأتر لە دەوڵەت[12].

[11]صادق الاسود، علم الإجتماع السياسي، دار الكتب للطباعة ،جامعة الموصل،□□□□،ص□□□.

[12]منيب محمد ربيع ،ضمانات الحرية،دار الفكر العربي،القاهرة،□□□□،ص□□□.

ڕاڤەی دیکەیان بۆ تیۆرەکە درێژە پێدەدەن و دەڵێن کارێکی نامۆ و نالۆژیکی دەبێت ئەگەر دەوڵەت داوای پاپەندبوون بە یاسایەکەوە بکات ،ئەگەر خۆی پێوەی پابەند نەبێت ، هەروا بۆ ڕاڤەی پابەندیەتی دەوڵەت بە یاسای نێودەوڵەتی پاساوی پێویستی پاراستنی دەوڵەت لەکایەی نێودەوڵەتی دەهێننەوە ،زانایان تیۆرەکەیان ناوزەند کردووە بە (دیاریکردنی خوودی) کە لەچوارچێوەیدا کۆمەڵێك مافی سەرەکی بۆ دەوڵەت دیاری کراوە لە گرنگترینیان بریتین لە:

–پاراستنی خودی Self –preservation

-مافی سەربەخۆیی Right- Independence

–مافی پەنابردنە بەر جەنگ Resort of war

مافی یارمەتیدانی خوودی Self – Help

ئەم مافانە کە دراونەتە دەوڵەت بە هەڵاویردکاری لە پابەندبوونی بە یاسای نێودەوڵەتی گشتی دادەنرێت[13].

هەرچەندە بیردۆزەی (دیاریکردنی خودی بە ویستی دەوڵەت ) خۆی لە ڕووی واقعیەوە ،قبوڵ کردنی گونجاو پاساودارە ،بەڵام لایەنگرانی یاسای سروشتی و زانا (لیۆن دیگی) کە خاوەنی تیۆری هاوپەیوەندی کۆمەڵایەتیە ڕەخنەیان لەسەر ئەو تیۆرە هەیە وپرسیاری ڕەخنە ئامێزی ئەوان لەم باریەوە ئەمەیە نهێنی پانەدبوونی دەوڵەت چیە لە یاسایەکدا کە بۆخۆی داینا بێت ؟ ئەگەر پابەندیەکە بەوویست و ڕەزامەندی دەوڵەت خۆی بێت و لەهەر کات و بابەتێك بێت کە خۆی دەیەوێت ،ئیتر ئەمە چۆن دادەنرێت بە پاندیی و کۆتوبەند.

لێرەوە ،(دیگی) دەرباز دەبێت و دێتەسەر خستنەڕووی تیۆرەکەی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ پاندیەتی دەوڵەت بە یاسا و بوونی مافی چاودێری لەسەر کاروبارەکانی دەسەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەت لەلایەن گەلەوە؟

(دیگی) لەم ڕووەوە لە پێگەیەکی ناوەند وەستاوە ،لە نێوان ئەو سێ تێۆرەی بۆ بابەتەکە خرابووە ڕوو ،پێشتر ئاماژەمان پێکردبوو،بەڕای ئەو هەست کردنی مرۆڤ بەستەم ودادپەروەری دەرەنجام وبەرهەمی ئەو ژینگەو کۆمەڵگەیەیە کە ئەوی تیادا دەژی ،ئەمەش بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ڕوو دەدات، بنیات لەسەر ئەوە ، فەرمانڕەواکان مافی دەرکردنی یاسایان نیە، یاسا بەوویستی فەرمانڕەواکان دەرناچێت ،هۆی پاپەندیەتیان ، بەیاسا پەیوەندی هەیە بە (هاوپەیوەندی کۆمەڵایەتی).

ڕێسا یاساییەکان دەردەچن لەدوای جێگیربوونیان لە وویژدانی کۆمەڵگەوە،وبڕووابوونی ئەوان بە پێویستی یاساکە ،بەم جۆرەش سەرچاوەی یاسا ،لەدەرەوەی وویست و ئیرادەی دەوڵەتەیە .

بنیات لەسەر ئەوەی ئاماژەمان پێکرد،سیفەتی (دانانی_کارپێکردنی) یاسا ،پەیوەستە بە ڕەزامەندی هاوڵاتیان لەسەر یاساکە و دوای ئەوەی لە وویژدانی کۆمەڵگەدا جێگیربووە و ئۆقرەی گرتووە،ئەمەش دەرەنجامێکی تاڕادەیەك هەستیاری لێدەکەوێتەوە ،ئەویش لەمەدا بەرجەستە دەبێت کە هەر مرۆڤێك (هاوڵاتیەك) ببێتە دادوەرێك لەسەر کاروبڕیارەکانی دەوڵەت و چاودێریك بێت لەسەریان،چونکە ڕەوایەتی ئەو کارە دەوەستێتە سەر ڕەزامەندی ئەوان.

دەرەنجامی ئەو تێۆرانەی خستمانە ڕوو ،تێۆری هاوپەیوەندی کۆمەڵایەتی ( لیۆن دیگی) لە هەموو تێۆرەکانی دیکە بوار دەرەخسێنێت بۆ چاودێری کردنی گەل لەسەر کاروبارەکانی حکومەت بەشێوەی ڕاستەوخۆ.

## تەوەرەی سێهەم

## دیموکراسیی ڕاوێژکاری وتیۆری پانتایی(فەزایی) گشتی

بیرۆکەی فەزای (پانتایی) گشتی بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی (دیموکراسی ڕاوێژکارانە) وە،کە بە ڕادەیەکی زۆر بایەخ بە ڕاو ویستی هاوڵاتیان دەدات ،لەمەشدا بەو پەڕی ئازادیەوە و لەچوارچێوەی دیموکراسی و سیستمی دیموکراسیدا گەلاڵە دەبێت.لە سیستمی دیموکراسیدا (پانتایی ) فەزای گشتی ڕۆڵی ناوەندێکی میانگێڕ دەبینێت لە

[13] د.ثروت بدوي،مصدر سابق،ص 182.

**نێوانی حکومەت و هاوڵاتیان ، ئەم بوارە یان (فەزایە) بریتیە لە گۆڕەپانێك ،تیایدا هاوڵاتیان بۆ ئالْ و گۆڕکردنی بیر وڕاو گفتو گۆ و ڕەخنە گرتن لە پرسی سیاسی گرد وکۆ دەبنەوە ،لێرەشدا ئەرکێکی گرنگ وبنە ڕەتیانەی حکومەت دێتە ئاراوە کەخۆی دەبینێتەوە لە دەستەبەرکردنی ئەو چالاکیانەیە لە چوارچێوەی بواری گشتی ،و لە ئاکامدا بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئەم بوارەیەو دابین کردنی تایبەتمەندیەکەیەتی.[14]**

**تیۆری (فەزای گشتی) لە ئێستادا بە ڕای بەشێکی دیاری توێژەران ،دەدرێتە پالْ فەیلەسوفی ئەلْمان( یۆرگن هابرماس) ئەوەیش لە چوارچێوەی دیموکراسی ڕاوێژکارانە خستیە ڕوو.**

**بەلاْم پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم بوارە فەراهەم بووە لە دیدگای هابرماسەوە؟**

**سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین ،دەولْەت تاماوەیەکی زۆر ئەوەی ڕەت کردبووە وە کە کۆمەلْگەی مەدەنی ( هاولاْتی) سیاسەت بکات ،قۆرخی سیاسەتی کردبوو بۆ دەستەبژێری تەکنۆکرات ،لەم بارەشدا هاولاْتی بۆ هەلاْتن لە بەدیلی هەلْە کە خۆی دەبینێتەوە لە قەتیس کردنی لە نێوان شورەی دیموکراسی نوێنەرایەتی ، یان هەنگاونان بەرەو (دیموکراسی ڕاستەوخۆ) ئەمەش لە کاتی ئێستادا مەحالْوئاستەمە ,لەم نێوەندەدا هابرماس دێت و دیدێکی ئەنسکلۆپیدیانە پێشکەش دەکات ،هابرماس هەولْ دەدات دیدێکی ئەنسکلۆپیدیانەی تێك هەلْکێش پێشکەش بکات، کەتەوەرەکەی فەلسەفە، کۆمەلْناسی،زمانناسی دەستاودەست وفەلسەفەی یاسا بێت، ئەم پێکهاتە ڕەسەنە بەدیلێکی نویْ گەلاْلْە دەکات کە جێی گێڕانەوەی فەلسەفەی هۆشیاریە بە هەموو چاوگەکانیەوە ،(لیبرالی بن،یان مارکسی ) ناوزەندیش دەکرێت بە (کرداری پێکەوەڕۆ) ،کە بارگەی فەلسەفیانەی ئەو دەچێتە چێوەی عەقلانیەتی فەلسەفەی ڕۆشنگەریەوە،کە پێگەی عەقلْ بەرزدەکاتەوە وتوندوتنیژی یان پەنابردنە بەرزەبروزەنگ وهێز ڕەت دەکاتەوە،ئەویش لەو کاتەدا کەدەگاتە ئاستی عەقلانیەتی پێکەوەڕۆییانە.عەقلانیەتی پێکەوەڕۆ کۆشش دەکات پەیوەندی هاولاْتی (تاك) بەتاکی بەرامبەری چوست وچالاك بکات،هەروەها پەیوەندیەکانی دیکەی وەك ئابووری وسیاسی نێوکۆمەلْیش بخاتە ژێرڕکێفی گفتوگۆوە.**

**ئەو گفتوگۆیەش پشت بەیەکسانی ودوور لەگوشاریوناچارکردن دەبەستێت،دەرەنجامی ئەوەش گرێبەستێکی کۆمەلاْیەتی بەدی دەهێنێت کە هەمووان قبولْیانە پەنای بۆ ببەن.**

**هەرلەومیانەیەشدا هابرماس هەولْدەدات متمانە بۆ پرۆژە نوێخوازیی ڕۆشنگەرانە بگێڕێتەوە،کەپێی وایە پرۆژەکە هێشتا تەواونەبووە،بەئاشکراکردنی ئەوە لەجیهانی هاوچەرخدا لێی بێدەنگ بوون ،کەبەمیراتگریی سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنرێت،خۆشی لەنێوعەقلاْنیەتی پێکەوەڕۆیی هاوبەند لەگەلْ دەسەلاْتی گوتاری سەلماندن ،حەشاردراوە،هاوڕەوت فەلسەفەی هۆشیاری بەهەردوو بالْەکەی ،وامیژووی دارِشت کە وێنەی هێلێکی نەپساوەیە،لە پێشکەوتن ،بەم پێیەش هەردوو فەلسەفەی لیبرالی وسۆشیالیزم یەك ئاسۆی یەکگرتوویان هەیە و لەفەلسەفەی هۆشیاری دەرناچن.**

**هابرماس ئەوپەڕی ئازادیی بەدیالۆگکاران دەدات بەدیاری کردنی سیستمی ژیانی خۆیان،نوێخوازی بەلای ئەوەوە ڕەوایی خۆی بەدەست دەهێنێت ئەویش نەك بەگەڕانەوە بۆ ئەم گێڕانەوە یان ئەوی دی ،لە نمونەی ئازادیی تاك (لیبرالیزم) یان ئازادکردنی خود (مارکسیزم) .**

**هابرماس خۆی لەوە بەدووردەگرێت کەهەقیقەتێکی دیاری کراو بسەپێنێت،زۆر مزنە گێڕانەوە پووچ کەوتن وزۆر بەهای بالاْ ئەمرۆ لە ڕوانگەی میراتگرانییەوە بونەتە شتێکی بێبەها ،ئەمەش واتای برەودان نیە بەڕێژەیی بەلْکو زەرورەتی بەخشینی مەرجی کەینونەدادەنێت،سەبارەت بەوەی کە هێزی مرۆیی عەقلاْنی پێی دەگات وەك ئەوانەی لەبەهای دادپەروەری و ئازادی وسەربەخۆیی خۆی نواند ولەلایەن هەموانیشەیوە قبولْ کرا،ئەمەش بەرکێشەیەکی درێژی**

[14] د.شێرزاد ئەحمەد نەجار ،ئیدریس شێخ شەرەفی، پانتایی گشتی وەك بوارێك بۆ گفتوگۆیی ڕەخنەیی عەقلاْنی،گۆڤاری یاسا و ڕامیاری کۆلێجی یاساوڕامیاری ،زانکۆی سەلاْحەدین،هەولێر،ساڵی دوانزە، ژمارە 16ی کانونی یەکەمی 2014،لاپەڕە 440.

پەروەردەییە لەنێونەوەو گەلاندا ،کە تیایدا ئەخلاق (ڕەوشت) وسیاسەت ئاوێزان دەبن.بەهەمان شێوەی مێژوو ،دەروونناسی ،زمانناسی بۆیە ئەو باوەڕی بەمێژویەك هەیە کە مێژووی فرەییە.هەروەها باوەڕی بەگفتوگۆی ئازایش هەیە کە بواری بە تاقیکردنەوەی ڕادەی شیاوی هەر پرسێك وتاقیکردنەوەی ڕاستەقینایەتی ماددەی هەر بابەتێك هەیەهەروەها دەرفەتیشی پێبدرێت کەگەشە بەخۆی بدات [15].

لەلایەکی دیکەشەوە هابرماس پێی وایە،کاتی ئەوە هاتووە خۆی لەدەست فەلسەفەی هۆش ڕزگار بکات،هەروەها لەنێوزمانیشدا بەدوای عەقلانیەتدا بگەڕێین،بەوەی زمان ئەو چوارچێوەیەیە کە پێکەوە ڕۆی مرۆیی تێدا بەدی دێت،هەروەها بەوەی گەنجینەی ئەزموونەکانی ئەوە ،هەر لەنێوئەویشدا مرۆڤ کرداری جفاکیانەی خۆی دەکات.

ئیتیکی گفتوگۆش بایەخ بەکارکردنی ڕێساکانی دیالۆگ دەدات وبەیەکسانی مافی هەر بەشدارێکی دیالۆگ لە گوزارشت لەڕای خۆی،بێ زەبروزەنگدەسەبەر دەکات،بەواتای ئەوەی لەچوارچێوەی ئاشتەوایی وڕازی بوون بەوەی بۆمان دەگونجێت ودەمانەوێت هەڵی دەبژێرین.

بەلاڕێدا چوونی کردەی ئاساییانەی پێکەوەڕۆ ولەدەستدانی واتاوپەشێوی،کەمۆرکی تەکنیك ونقوم کردنی لەنێوزەلکاوی ئامرازە عەقلانیەت وئەرکە عەقلانیەتەکاندا،هاتەدی،ئەگەر ئەرکی عەقلانیەت بواربەگەشەکردنی بەرهەمی ماددی لەبواری ئابووری و ڕێکخستنی کۆمەڵ لەچوارچێوەی دەوڵەتدا دەدات،ئەوا ئەو دۆخەی کەڕوویدا ،ئەو ڕیزبەند و تۆڕەسیستەمەی کە ئاڕاستە بەپشتیوانی کردن ولاگیری کردن لەکردەی جیهانی ژیان وکەرت وپەرت کردنی بنیادەکانی وبەتاڵ کردنەوەی لەناوەڕۆکەکەی[16] .

هابرماس ڕەخنە لە فەلسەفەی هۆشیاری (بەهەردوو باڵی لیبرالیزم و مارکسیانەی) دەگرێت و ڕوانگەیەکی نوێی فەلسەفی دەچەسپێنێت کەوابەستەیە بە خودانەن ( من–تۆ) وە ،کەزمان وکارلێکیش دیرەگەکەیەتی ،مادام کە خود بەتەنیا ناتوانێت لەسایەی قەیرانی هۆشیاری نوێدا گفتوگۆ لەگەڵ جیهاندا بکات،بەڵکو ئەو ناچارە بەرەو ڕووی خودوچینایەتی دیکە بکرێتەوە.

هابرماس پێی وایە کەتیۆرییە کۆمەلآیەتیەکەی (نیکلاس لوهمان) [17]توانای وەسف کردنی ئەوەی لەجیهانی ئێمەدا دەقەومێی هەیە، لەمەترسی ئەو وێرانییەی،خۆی لەئامێرەکانیدا حەشارداوە،کەتیایدا خود چ تاك بێت یان توێژ وچین،توانای چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی نامێنێت،لەکارکەوتن وشی بوونەوەی کەبەرۆکی بەها و واتاگەلی هاوبەش گرتووە،لەئاکامی ئەو ناتەباییە بەهێزەی نێوان ئەوەی بکەران بەکردەنی دەیژین و ڕیزبەندەکان،ئەویش لەڕێی ئەو سیستەمە لەو ڕیزبەندانەی کە باڵیان بەسەر مرۆڤی هاوچەرخ وجیهانی ژیانی ئەودا کێشاوە،تەشەنەی کرد.

بەلآم ئەم پرۆسەی لەیەك حاڵی بوونە بنەمای عەقڵی گریمانە دەکات،ئەمیش هەمان ئەو بیرۆکانەن کەچەمکی عەقلانیەتی چاخی ڕۆشنگەرییان پێك هێناوەولە کەلتووری فەلسەفیشدا هەروەها پێکەوە ڕۆیی سەرکەوتوو کەدەگاتە پلەی لەیەك حاڵی بوونی بەشداران ویەکدەنگییان یەکدەنگییەکی عەقڵی،گریمانەی هەبوونی خودجێکی بەرپرس وجێ متمانە دەکات،هەربۆیە یۆرگن هابرماس مەرجەکانی کرداری پێکەوەڕۆ لەنێو سیستمێکی ئەزمونیدا تۆماردەکات ،پێی دەگوترێت دەستاودەستی گەردوونی، ئەو دەستەواژەی گەردوونیە لەوەوە هاتووە کە وەسفی پێوەری گەردوونی

---

[15]حەسەن موسەدەق،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

د.شێرزاد ئەحمەد نەجار ،هەمان سەرچاوەی پێشوو.[16]

[17]نیکلاس لوهمان،سەرۆکی قوتابخانەی ڕیزبەندی کۆمەڵناسیە ،یەکێکە لەدیارترین زانایانی کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئەڵمانیا،لەگەڵ هابرماس بنەماکانی کۆمەڵناسی پێکەوەڕۆییان داناوە.

**وسـەراپاگیر دەکات،ئـەو دەستاودەسـتە بـەواتای ئـەوەی کارلێککـەران لـە چـالاکی کۆمەڵایـەتی خۆیاندا،دەستاودەسـتی پێدەکەن وبەکاری دەهێنن.[18]**

**لەمـەوە دەگەینەئـەوەی کەئـەو پرۆژەیـەی هابرمـاس بانگەشـەی بـۆ دەکـات ،پشـت بـەوە دەبەسـتێت کـەزمان لەڕوانگـەی ئـەوەوە دیـالۆگی نێـوان عـەقڵی ئاخێوەرانـە ،ئامـانجی دروسـت کردنـی پردێکـی لەیـەك گەیشـتن وگەیشـتنە بەیەکـدەنگی لەبارەی پرسەکانەوە ،زمانیش لێرەدا ڕێسایە ڕێوشوێنی پەیوەندی کردن لە نێو خەڵکیدا ڕێکدەخات.**

**ئـەم گفتوگۆیـەش دەکرێـت درێـژە بکێشـێت بـۆ سـەر بۆچـونەکانی دەسـەڵاتی سیاسـیەوە لەمەشـدا دووپـاتی دەکاتەوە کە دووجۆر ماف هەن :**

**أ–مافی گوزارشت کردن لە ڕا .**

**ب–مافی ئەوەی ئەو ڕایە کاریگەربێت .**

**لەچوارچێوەی ئـەم ڕایـە دەکرێـت بنـەماکانی پەیوەندیـدار بـە ئـازادیی و سیاسـەتی دیموکراسیەوە دیـاری بکـرێن ،بـەم شێوەیەی ئاماژەی بۆکراوە:**

**1–بنەمای بە ئازادی گفتوگۆکردن لە بارەی پرسەکانەوە.**

**2–ڕەخنەی عەقلانی لە کاروباری سیسیدا لەدوای چاودێری و هەڵسەنگاندیدا.**

**3–وەرچەرخاندنی ڕا بەرەو پرۆسەیەکی دیالۆگی عەقڵانی ڕەخنەگرانەی ئازاد لە هەژموون و کۆنترۆڵ.**

**4–ڕوونی و ئاشکرایی کە سیاسەت و ئاکار پێکەوە گرێ دەدات[19].**

**لای (هابرماس) ئەو ڕایە دروست دەبێت لە چوارچێوەیەکی گشتی کەمـەرج و ڕەوشـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە ،واتـە ئـەو ڕایە گەلاڵـە نابێـت تـەنیا لـە واقعێکـی ئـازاد وبـێ کـۆت وبەنـد نـەبێت ،کـە دەبێتـە مایـەی ئـازادی لـە پێکهێنـانی وویسـتی سیاسـیان و هەڵبـژاردنی حکومەتەکـەیان و چـاودێری کردنـی کاروبارەکانیـان بەجۆروشـێوازی جیاجیا،ئەمـەش دەبێتـە پێکهێنانی (ڕایەکی شێواو) هابرماس ناوزەندی کردبوو بە (پێکەڕۆیی شێواو) کە خۆی لە کارلێکردنی سەرکوتکەرانە لە لایـەن دەسـەڵاتەوە بەسـەر هاوڵاتیانـدا پیادەکرێت،لـە ئەنجامـدا کۆدەنگیـەکی چەواشـە دروسـت دەبێـت کـە شـەرعیەتی عەقڵانی تیادا نیە[20].**

**ئەم ڕەوشەش جۆرێك لە نامۆیی و دوورەپەرێزی لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیانیدا دروست دەکات ،دەرەنجام حاڵەتی بێ دەربەستی سیاسی لێدەکەوێتەوە ، بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشێکی وەها ناتەندروستیش ،دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بـە پشـتیوانی هاوڵاتیـان هەیـە بـۆ گـۆڕینی ڕەوشـەکە چـونکە هەڵسـەنگاندنی نـەرێنی بـۆ کـاری حکومـەت لـە لایـەن هاوڵاتیانـەوە دەبێتـە هـۆی نـەمانی پشـتیوانی ولایـەنگری بـۆ حکومـەت و لـە ئاکامیشـدا ناتوانـایی لـە دیموکراسـی لێدەکەوێتەوە .بۆ ڕێگری لە هەموو ئەوانە پێویستە ڕۆڵ بۆ هاوڵاتیان بگەڕێتـەوە و ئـەوەش بە گرێدانیان بە پرۆسـەی سیاسیەوە وبەشداریان لـە کایـەی سیاسـەتی گشـتی و کردنـی بـە هـاوڵاتی کارا،کەبـە ئازادییـەوە بیرو ڕای خـۆی لـەو بابەتەوە دەربڕێت.**

## باسی دووەم

## شێوەکانی چاودێری ڕاستەوخۆیی گەل لەسەر کاروباری حکومەت

---

[18]Habermas ،J. (1993) la pensée postmétaphysique. Essais philosophiques .Trad. fr. R. Rochlitz. Paris. Armand Colin. p. 84.

[19]**پێشڕەو على محمد امين**، اليات حكم الرشيد في ادارة التنوع الثق، رسالة ماجستير مقددمة الى كلية القانون والسياسة ، بجامعة السليمانية، 2014افيي،ص 33.

[20]د.شێرزاد ئەحمەد نەجار ،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

چاودێری (Controle) لە زانستی کارگێڕی گشتی بەمانای بەدواداچوون و دیاریکردنی هەڵەو کەم وکوڕیەکانی دامەزراوەیەك دێت لەگەڵ گرتنە بەری ڕێو شوێنی دروست بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان و چاکسازی لەکەم وکوڕیە دەستنیشان کراوەکان،بنیات لەسەر ئەو مانایە چاودێری کردن بە ئامانجی بەدواداچوونی چالاکی ، خودی فەرمانبەران وبەرپرسەکان ، دەگرێتەوە بۆ دڵنیا بوونەوە لە سەرکەوتنی کارگێڕی گشتی لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە یان ئەو ئامانجانەی کە دیارکردوە بەدییان بهێنێت، گەل بەو پێیەی کە سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە بە گرنگترین ئەو لایەنانەدادەنرێت کە هەڵدەستێت بە چاودێری کردنی حکومەت،لەو میانەیەشدا گەل دەتوانێت بە دووجۆری سەرەکی بەکاری چاودێری کردنە کە هەستێت ،لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆو بەهۆی نوێنەرەکانی لە پەڕلەمان یان دامەزراوە تایبەتمەندیەکان ، یان بەجۆری ڕاستەوخۆ و لەلایەن گەل خۆی ئەویش لە سێشێوەدا دەردەکەوێت کە بۆ هەریەکێکیان تەوەرەیەکمان بۆ دیاری کردووە:

تەوەرەی یەکەم: چاودێری کردن بە هۆی ڕای گشتی.

تەوەرەی دووەم: چاودێری کردن بە هۆی پارتە ڕامیاریەکان

تەوەرەی سێهەم :چاودێری کردن بەهۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

## تەوەرەی یەکەم
## چاودێری کردن بە هۆی ڕای گشتی.

ڕای گشتی یان ئەوەی هەندێك جار ناوزەندیش دەکرێت بە ڕای شەقام ،دەستەواژەیەکی نوێ نیە ،هەندێك دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی ، بەڵام لە دوودەیەی کۆتایی سەددەی بیستەمە وە برەوی زیاتر پەرەی سەندووە و زانایان هاودەنگن لە سەر ئەوەی ڕای گشتی بەگرنگترین دەستەبەری وزەمانەتی پابەندیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە هەستان بە ئەرك و کاروبارەکانی سەرشانی بە بە یاسایی ببات بەرێگەوە و ئەنجامی بدات.

لەدەستپێکدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو کە زانایان بۆ ڕای گشتیان کردووە، لەوانە :

((Cooly) : ڕای گشتی گوزارشتە لە پرۆسەیەکی ئۆرگانی نەك تەنهاڕێکەوتن بێت لە بارەی پرسێك لە پرسە گشتیەکانەوە[21].

( Diecy) : کۆمەڵە ئاڕاستەو ڕەوتی جۆراوجۆرە بەیەکدەگەن لە بارەی بابەتێك کە جێگای گفتوگۆی نێوانیانە).

(James yong): ڕای گشتی بریتیە لە ((دادوەر) یان فەرمانڕەوای کۆمەڵایەتی لای کۆمەڵێکی هۆشیار لەسەر پرسێك کە گرنگی گشتی هەیە لە دوای گفتوگۆیەکی گشتی وقبوڵ کراو).

پێناسەی (د.صلاح الدین فەوزی) بۆ ڕای گشتی : ( گوزارشتە لە ئاڕاستەی گشتی ئەو بیرو ڕایانەی کەبەربلاون لە کۆمەڵگەدا لە بارەی پرسێکی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری).

بۆ دیاری کردنیشی پەنا دەبرێت بۆ ناوەندەکانی ڕاپرسی و وەرگرتنی ڕا لە ڕێگەی پرسیاری ڕاستەوخۆ لە جەماوەر بۆ دەرخستنی بیرو ڕاکانیان لە بارەی پرس و بابەتەکەوە.

پێناسەی (د.کریم کشاش) بۆ ڕای گشتی ( ڕای جەماوەرە لەبارەی پرسێکی کۆمەڵایەتی گشتی ، کاریگەر بوون پێی یان بەهۆی دروست کردنی ئەو کاریگەریەی خوڵقاندویەتی ، ئەمەش کارگێڕی گشتی ناچاردەکات کە گرنگی پێبدات و بکەوێتە خۆی بۆ کارکردن لەسەری)[22].

---

[21] د.فرحان نزال، الرقابة البرلمانية على اعمال السلطة التنفيذية ،دار وائل للنشر ،عمان ،الاردن،2011،ص81.

**بەسەرنجدان لەو پێناسانەی خستمانە ڕوو بۆ ڕای گشتی دەکرێت بڵێین زانایانی یاسای کارگێڕی ودەستووری نەگەیشتونەتە ئەوەی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ڕای گشتی بکەن ،هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دیدگای ئەوان لە ڕووی کۆمەلأیەتی وسیاسی بۆ جەماوەر و ئەندازەی باوەڕی ڕاستەقینەی ئەوان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕایەکانیان).**

**ئەگەرچی لە بارەی پێناسەکردنیەوە ڕای گشتی جیاوازی دیدگای زانایانی لە بارەوە هەبوو بەلأم ئەوەی جێگای هاودەنگی زانایان وتوێژەرانە ئەوەیە کە ڕای گشتی ڕۆڵێکی دیار وکاریگەری هەیە لە ژیانی سیاسی ، بەشێوەیەك کاریگەری سلبی یان ئیجابی دروست دەکات لەسەر ڕەزامەندیی گەل لە بارەی دەسەلأتەوە ، لەم ڕوانگەیەوە ڕای گشتی دەرەنجامی وویستی گەلە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕۆڵە گرنگی وسەرکردایەتیەی لەم بارەیەوە دەیبینێت.**

**ڕای گشتی کە دەرخەری ڕای زۆرینەی کۆمەڵگەیە کە ، لەسەر دەسەلأت ئەوە دەسەپێنێت کە گوێڕایەڵی بێت وبەهەند وەری بگرێت ، ئەو لایەنانەشی کە کاریگەری دروست دەکەن وبزوێنەری ڕای گشتی کۆمەڵگەن دەگونجێت ئیلیتی دەسەلأتدار یان پارتە ڕامیاریەکان یان سەندیکا جۆراوجۆرەکان بێت یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بن کە تایبەتمەندن لە بواری بایەخدان بە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ ، یان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و یاسایی بن کە لەخەمی چەسپاندنی دیموکراسی و بلأوکردنەوە ی گرنگیدان بە چاودێری کردنی کاروباری حکومەت بن یان هەوڵی بەشدارپێکردنی هاولأتیان بێت لە بواری سیاسەتی گشتی[23].**

**ئەوەی کە جێگای ئاماژەپێدان وبە پێویستی دەزانین ، ئەوەیە پیادەکردنی دەسەلأت پێویستە بەشەفافی و بەبوونی چاودێری دەزگاو لایەنە جۆراو جۆرەکان بێت ،بۆ مەبەستی ڕێگری لە گەندەڵی و ستەم وخراپ بەکارهێنانی دەسەلأت ، بۆ بەدیهێنانی ئەوەش دەکرێت سوود لە مافە سیاسیەکان وەربگیردرێت لە مافی خۆپالأوتن و هەڵبژاردن و پێکهێنانی پارتی ڕامیاری کە توانای دروستکردنی پەیوەندی هەیە لە نێوان گەل و دەسەلأتی فەرمانڕەوادا ،بەمەش دەروازە خۆش دەکات بۆ بەشداری گەل لە کایەی سیاسەتی گشتی ،بەمەش پاڵپشتی بەدیهێنانی گرنگترین دەستەبەری زەمانەتی دەسەلأتی گشتی بەدیدێت ،کەلەهەموو دەستەبەریەکانی دیکە هەستیارترو ئاڵۆزتریشە ئەویش بریتیە لە مافی چاودێری کردن وەك دەستپێکی پرۆسەی لێپرسینەوە[24].**

**ئەگەرچی بۆ دەوڵەتانی وەك عێراق و دەوڵەتانی دیکەی ژێرستەمی داپلۆسین ودیکتاتۆریەت ئەوە نامۆیە بەلأم لەووولأتانی دیموکراسی ،فەرمانڕەواکان لەژێر چاودێری ووورد وبەردەوامی جەماوەری گەلن ،ملکەچن بۆ لێپریسینەوە و پرساندنیان لە جیاتی ئەوەی بە ستایشی ڕووپامایانە وچەپڵە ڕێزانی بێمانایەنە لە ڕوویاندا بخرێتە ڕوو.**

**ڕای گشتی هۆکارێکی گرنگیشە لە لە پابەندکردنی فەرمانڕەوایان بە دەستو و پاراستنی سەربەستی و ئازادیە گشتیەکان، چونکە هەرچوند چاودێریەکە توند و وردبێت ئەمەندە پابەندیی فەرمانڕەوا بەدەقە دەستووری ویاسایەکانەوە توند وتۆڵتردەبێت.**

## لقی دووەم

## چاودێری کردن لە لایەن پارتە ڕامیاریەکان

**پارتی ڕامیاری هەرچەندە پێناسەی جۆراو جۆری هەیە پۆلێنی جیاجیاشیان بۆ کراوە ، بەلأم بە پێویستیەك لە پێویستیەکانی سیستمی دیموکراتی دادەنرێت ،چونکە ڕوکنێکی پێکهێنەری سیستمەکەیە و**

---

[22] **د.كريم كشاش ، الرأي العام وأثره في نفاذ القاعدة الدستورية، مجلة ابحاث اليرموك، سلسلة العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد 10 ،عمان ،1994،ص 63.**

[23] د.رمزي الشاعر، القانون الدستوري، مطبعة جامعة عين شمس، القاهرة ،1997،ص 296.

[24] **د.يحي الجمل ،الانظمة السياسية المعاصرة،دار النهضة العربية، بيروت،1996،ص278.**

نێوەندێکی گرنگە لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەتدا ،بەشداریش دەکات لە داڕشتنی سیاسەتی گشتی ، بەڕێوەبردن و چاودێریکرن[25] .

ئەو گرنگیەی پارتی ڕامیاری هەیەتی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت و کاریگەریشە بە چێوەی یاسایی ڕێکخستنی پارتی ڕامیاری و مەودای دیموکراتی لە وولاتەکەدا، بنیات لە سەر ئەوەی پێشوو خستمانە ڕوو ،چەند پێناسەیەکی پارتی ڕامیاری دەخەینە ڕوو.

زانایان و توێژەرانی زانستە ڕامیاریەکان ، پێناسەکردنی چەمکی پارتی ڕامیاری بە کارێکی سادەو سانا دانانێن ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لە کاریگەرترینیان ،کاریگەری چەکەکەیە بە ئایدۆلۆجیا ، لەگەڵ ئەو ئاستەنگیەشدا ناکرێت دەست بەرداری پێناسەکردنی پارتی ڕامیاریی ببین چونکە بە پێناسەکردنی دەتوانین جیاکاریی بکەین لەگەڵ ڕێکخستنە سیاسیەکانی دیکەی وەك گرووپەکانی فشار، سوودیشی هەیە بۆ دیاریکردنی پێگەی یاسایی و دەستووری پارتە ڕامیاریەکان، لەم ڕووە وە کۆمەڵێك پێناسە دەخەینە ڕوو:

پێناسەی (بنیامین کونستان) بۆ پارتی ڕامیاری : ( کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەسێکە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێك کە پەیڕەوی یەك ئایدۆلۆجیا یان باوەڕێکی ڕامیارین ).

پێناسەی (هانز کلسن) بۆ پارتی ڕامیاری : ( ئەو ڕێکخراوەیە کە تیایدا کۆمەڵە کەسێك کە هاو ڕاو وبۆچونن بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی)[26].

ئەو زانایانەی کە لە دیدگای لیبرالیەوە ، پێناسەی (پارتی ڕامیاری) دەکەن ،گرنگی دەدەن بە ئامانجی کۆتایی پرۆسەی ڕامیاری ،کەخۆی دەبینێتەوە لە گەیشتن بە دەسەلاّت لەڕێگەی میکانیزمە دەستوریەکان ، ئەمەش بە روونی دەبینینەوە لای ( ئۆستن ڕنی) کاتێك پێناسەی پارتی ڕامیاری دەکات دەڵێت : (کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوە ،کە سەربەخۆییەکی خوودی هەیە ،هەڵدەستێت بە پاڵاوتنی ئەندام بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ،بە ئامانجی گەیشتن بە پۆستە حکومیەکان ).

لە دیدگای بیری ئیشتراکیەکانەوە کە داکۆکی لە بوونی پارتی چینایەتی دەکەنەوە ، لە پێناسەکردنی پارتی ڕامیاری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پارتی ڕامیاری ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئایدۆلۆجیای (مارکسی – لینینی) ،گوزارشت لە بەرژەوەندیە چینایەتیەکان دەکاتەوە.

ئاڕاستەیەکی دیکەی زانایان لە پێناسەکردنی پارتی ڕامیاری ،پشت دەبەستن بە دیاریکردنی ڕەگەزە بنچینەییەکانی پارتی ڕامیاری لە نموونەی ئەو زانایانە ( لابالومبارا) و ( جین) ، ڕەگەزەکانیش بریتین لە :

1–بەردەوامی پارتی ڕامیاری.

2–ڕێکخستنی پارتەکە تەرخان نە کرابێت تەنها بۆ چینێکی دیاری کراو یان بەرتەسك نەبووبێت لە سنوورێکی دیاریکراو.

3=هەوڵبدا و ئامانجی گرتنە دەستی دەسەلاّت و بەشداری کردنی بێت تیایدا یان ئامانجی مانەوە بێت لە دەسەلاّتدا.

هەر لەم ڕوانگەیەوە چەند زانایەکی عێراقی پێناسەی ( پارتی ڕمیاری) دەکەن ، لەوانە :

د.حەسان محەمەد شەفیق ،پێناسەی پارتی ڕامیاری دەکات بەوەی : کۆمەڵێك هاولاّتین کە بیرێکی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە ،هەر ئەوش پاڵنەریانە بۆ کارکردنی بەردەوام بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت یان بەشداری و هاوبەش بوونیانە لە دەسەلاّت و بەدیهێنانی ئامانج و دروشمی پارتەکە[27].

[25] د. صالح جواد الكاظم و د . علي غالب العاني . الأنظمة السياسية ، بغداد : مطابع دار الحكمة ، 1990–1991 ، ص107 – 108.

[26] وةرم طرتوة لة موريس ديفرجيه. الاحزاب السياسية ، ترجمة علي مقلد وعبد الحسن سعد ، بيروت: دار النهار للنشر ، [illegible] ،ص[illegible].

[27] د . شمران حمادي . الاحزاب السياسية والنظم الحزبية ، ط1 ، بغداد : مطبعة دار السلام ، 1972 ، ص27 .

د.سالّح جەواد و د.عەلی غلب عانی پێکەوە وەها ئێناسەی پارتی ڕامیاری دەکەن ( ڕێکخستنی ڕامیاریە بۆ هێزە کۆمەڵایەتیە دیاری کراوەکان ،ئەوەی لەو ڕێکخستنەدا کۆیان دەکاتەوە ،دیدگایەکی هاوبەش و ئایدۆلۆجیایەکە ئامانجی کۆتاییان گەیشتنە بە دەسەلأت).

مامۆستامان (د.شێرزاد نەجار) لە دیارترین ئەو زانایانە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش لێکۆڵینەو نووسینی لە بارەی پارتی ڕامیاری هەیە ولەو بارەیەوە کتێبسشی داناوە ، لە پێناسەکردنی پارتی ڕمیاری دەڵێت : ( لە سیستمی سیاسی هاوچەرخدا بە ڕەگەزێکی گرنگ و جەوهەری دادەنرێت ، دروستکەری چالاکی و کردە ڕامیاریەکانە ، هەڵدەستێت بە کۆمەڵە ئەرکێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و بەشدارێکی کاریگەرە لە و چالاکیانەی ئەنجام دەدرێت لە پانتایی ( فەزای) گشتی )[28].

هەر لە ڕوانگەی پێناسەکردنەکەیەوە ،چەندین گرنگی پارتی ڕامیاریمان بۆ دەردەکەوێت ،کە دوکرێت ئاماژە بە دیارترینیان بدەین، لەوانە ،پارتە ڕامیاریەکان ،بە گرنگترین دامەزراوەی ناڕەسمی (نادەوڵەتی) دادەنرێت کە شەقڵی دیارو تایبەتمەندی هەیە لە پرۆسەی سیاسیی لە دەوڵەتەکەدا ، بەستەرەوەی بەهێز و ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان گەل وحکومەتە، هەروەها نێوەندێکی پەیوەندیە بۆ یەکە سیاسیەکانی دیکەش چ لەناو حکومەتدابن یان لە دەرەوەی حکومەت و لەهەر ئاستێکدابن.

حیزبە سیاسیەکان( پارتی ڕامیاری) لە چەندین بوار وبۆچەندین ئامانج خەبات و تێکۆشانی خۆیان تاودەدەن ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ،ئابووری ، یاسایی ،ڕۆشنبیری، ڕادەو کارایی هەریەك لەو ئەرکمەندیانە بە پلەی یەکەم دەوەستێت لەسەر کاریگەری هێزی حیزب لە سەر جەماوەر و کاریگەری دروست کردن لەسەریان و بەدەستهێنانی متمانەیان ، ودروستکردنی کاریگەریش لەسەر لایەنە سیاسیەکانی دیکەش.

کارکردنی پارتی ڕامیاری بەشی هەرە سەرەکی دەبێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە بێت ، ئەگەرچی پارتەکە کاریش بکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیە خودیەکانی خۆی بەڵام ئەمە ڕێگاری لێنەکات کە بەرژەوەندی باڵایی نیشتمان باڵادەست بکات ،ئەو ڕۆڵەش کە دەیبینێت بۆ لەوانەیە لە میانەی وەرگرتنی دەسەلأت وسەردەمی فەرمانڕەوایەتی بێت ، یان وەك چاودێرێکی بەهێز وئۆپۆزیسیۆن کاربکات ، ڕادەوئاسۆی دیموکراتیەت بەرفراوان دەبێت بە فرەیی پارتی ڕامیاری لەکارکردنی لە سیستمی سیاسی.

ڕۆڵی چاودێری کردن کە پارتی سیاسی دەیبینێت لە سیستمێکی سیاسی بۆ سیستمێکی دیکە دەگۆڕێت بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆجیایان ،بۆ نمونە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ،پارتی ڕامیاری بە هەمووجۆرەکانی چاودێری هەڵدەستا ،چاودێری پیشین و دواخراو، ڕاستەوخۆ،ناڕاستەوخۆ ،بەشێوەیەك لە زۆر بواردا پێش ئەوەی بڕیارێك دەربکات ڕاوێژی بە حیزبەکان دەکرد ،چونکە دواتریش لە ژێر چاودێری ئەو پارتانەدا کارەکەی بە پایان دەگەیاند[29].

ئەو میکانیزمانەش کە پارتە ڕامیاریەکان لەم ڕووەوە پەنای بۆ دەبەن جۆراو جۆرن ، لەوانەیە لە ڕێگەی بەیاننامەی حیزبی، یان کارنامەی هەڵبژاردن و فراکسیۆنی پەرلەمانی ، نووسین و بڵاوکردنەوەوە بێت لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن، گردبوونەوە و مانگرتن و دروستکردنی فشار بێت لەسەر حکومەت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت کاراییی ڕۆڵی پارتە ڕامیاریەکان بەرجەستەتر و کاریگەرترە لە سیستمی پەرلەمانی کا ڕێگەدەربێت بە فرەیی پارتەکان، بەشێوەیەك کە پارتی براوە لە هەڵبژاردن خۆی یان لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەوە بەشداری حکومەت دەکەن و بەشێکی دیکەیان وەك ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەمێننەوە،ئەم پرۆسەیەش لە خۆیدا چاودێرێکی وورد وبەردەوام دروست دەکات ودابڕاویش نابێت لە دووشێوەکەی دیکەی چاودێری ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕای گشتی و لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش سوود وەردەگیرێت بەمەش تەواوکاری لە نێوان هەرسێ شێوەکەی چاودێری ڕاستەوخۆ بەدیدێت.

---

[28]د.شێرزاد احمد النجار، دراسات في علم السياسة ،دار الدجلة،عمان، 2010،ص18.

[29] د. حسان محمد شفيق العاني . الانظمة السياسية المقارنة ، بغداد : مطبعة المعارف ، 1980 ، ص56 .

## لقی سێهەم
## چاودێری کردن لە لایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندن

**هۆیەکانی ڕاگەیاندنن ،بە بینراو ،بیستراو ، خوێندراویەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە سەر جەم بوارەکانی ژیان بە گشتی ، پێدەچێت کاریگەرترین.**

**هەموو ئەوانەش وادەکات کە هۆکار بۆ ئەوە ئەو گەشەپێدانە خێرایە بێت لە بواری ڕاگەیاندن ،لە ڕووی هونەری و تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت و مانگە دەستکردەکان فەرمانڕەوایان و پارتە رامیاریەکان ، خاوەن کارو پەیڕەوانی ئاینەکان ، هەڵپەی هەبوونی هۆیەکانی ڕاگەیاند بکەن هەتا لە ڕێگەیەوە کاریگەری دروست بکەن لە سەرگەل چونکە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە خێرای و بەکاریگەر دەگات پێیان ، ئەو فیدباکەشی کە دروستی دەکات لە ناو جەماوەر کاریگەری لە سەر بڕیار بەدەستان دەبێت.[30]**

**پەیوەست بە بواری چاودێری کردنەوە ، لەڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە دەزگا تایبەتمەندیەکانی چاودێری کردن وەك دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێری دارایی ، دەستەی رصد و تۆمارکردنی ئەو نوسین و هەواڵەنایەن هەیە کە دەربارەی چاودێری کاروبارەکانی حکومەت و گەندەڵی دەخرێتە ڕوو.[31].**

**بەرجەستەبوونی ئەو کاریگەریەش کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دروستی دەکات ،دەوەستێت لەسەر فەراهەم بوونی سەربەخۆیی وئازادایی و پیشەیی بوونی ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاستگۆیی لەو زانیاری و بەڵگانەی دەیخاتە ڕوو ،بەشێوەی هەواڵ یان لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاجی ڕۆژنامەگەری تادەگاتە سەر ڕەخنەوفشار خستنە سەر حکومەت .**

**دەوڵەتێك کەتیایدا دیمراسی بەرجەستە بێت ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی تاك بەشداربێت لە پرۆسەی بنیاتنانی ئیجابی لە بەڕێوەبردندا ، لەو پێناوەشدا ڕێگە خۆش دەکات لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەشداربن لەو پرۆسەیەدا ،هەرلەم ڕوانگەیەشەوە دەوترێت ،ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە . ئەمەش وەك گوزارشتێك واتایی (مجازی) ئەو گرنگیەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەیبینێت لە پاڵ سێ دەسەڵاتە گشتیەکەی دەوڵەت ( یاسا دانان ، جێبە جێکردن ، دادوەریی).**

**هەروەها لە بەر نزیکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە لە سێ دەسەڵاتەکە بە گشتی وکاریگەری وچاودێریەتی لە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە تایبەتی .**

**سەربەخۆبوونی کەناڵێکی ڕاگەیاندن تەنها بەدروشم و ناو نابێت بەڵکو کۆڵەکەی هەرە سەرکی لە سەربەخۆیی دارایی خۆی دەبینێتەوە.**

**لە کاتێکدا لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن کێشە و ئاریشە کارگێڕیەکان دەوروژێن و دەبنە هەواڵ و تەوەرەی سەرەکی بەرنامە گشتی و تایبەتیەکان ، لەوانەیە لەگەڵیشدا سەرنج و چارەسەری بەسوودیش لە بارەیەوە بخرێتە ڕوو ،سەرنجی کاربەدەستانی حکومەتیش بۆ ئەو تەوەرانە ڕابکێشرێت.[32]**

**دروست کردنی فشار و چاودێری کردنی حکومەت بۆ گرتنەبەری هەڵوێست و دەرکردنی بڕیارێکی دیاری کراو یەکێکە لەو ئاراستە سەرەکیانەی کە ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی دیموکراتیدا گرتویانەتەبەر ،هۆیەکە بۆ بەشداربوونی تاك لە دروستکردنی سیاسەتی گشتی، و ڕیزبەند کردنی بە گوێرەی پێویستی و پێشینەییان.**

---

[30] د.محمد حمدان، الاتصال السياسي، دار وائل، عمان، 2002،ص18.

[31] **مادەی (□□) بڕگەی دووەم لە یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە(□) ی ساڵی □□□□**

[32] **لە نمونەی ئەو بەرنامانە لە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبینین ، لەوانە بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی ڕووداو، تاوتوێ لە ئێن ئار تی و پرسی شەقام لەگەڵ کوردستان دەبینین**

لەم ڕووە وە زانا ( هارولد لاسیول) ئەرکمەندی (وەزیفە سەرەکیەکانی) ڕاگەیاندنی لە کۆمەڵگەدا بەم چەشنە دیاری کردوە :

1–چاودێری لە سەر ژینگە و چاودێر بە کرداری وکەسانی بەڕێوبەریەوە.

2–کارکردن بۆ هاوپەیوەندی بەشەکانی کۆمەڵگە لە وەڵامدانەوەی بۆ ژینگەی – ناوچەکەی کە تیایدا دەژی.

3–گواستنەوەی کەلتورو کەلەپووری ڕۆشنبیری و نەریتی لە جیلی پێشوو بۆ جیلی نوێ.[33]

جێگای ئاماژە پێدانە ، لەوەی تێبینی دەکرێت لە بواری ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوەیە خۆخەریك کردنیانە بە کۆمەڵێك پرسی لابەلا و (جەنگێك)ی وەها ی ناشایستە لە نێو خۆیان ، کە دووریان دەخاتەوە لەو ئەرکمەندیە سەرەکیانەی بۆیان دیاری کراوە لە لایەن زانایانی بواری ڕاگەیاندنەوە.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئەو ئەرکمەندیە بە ئاگاهێنەرەوەیەی کە خەسڵەتی دیاری ڕشاگەیاندنە سوودی لێوەربگیرێت ، بۆ بە ئاگاهێنانەوەی حکومەت لە هەر کەم وکوڕیەکی کارگێری وبەهەدەردانی سامانی گشتی و گەندەڵیەك کە لە دامەزراوە کارگێرییەکانیدا ڕوودەدات.

دیارترین نمونە بۆ ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکەر، ئەوەیە کە لە بەریتانیا (شانشینی یەکگرتوو) بە نمونە دەهێنرێتەوە، کاربەدەستانی باڵای ئەو وەزارەتە دەستەواژەی ( ئۆرویلی) بۆ بەکاردەهێنن ، کە لەڕێگەیەوە وەزارەت باڵادەستی خۆی دەسە پێنێت بەسەر بیرمەندانی جیهان بە تایبەت بیری بیرمەندانی لیبرالی .

هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە کۆندا و ئێستاشی لەگەڵ دابێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وولاتانی دیکەی ڕۆژئاوا نزیکترین لایەنن لە دامەزراوەکانی تایبەت بە روستکردنی بڕیار لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو هۆیەکانی ڕگەیاندن بە گرنگترین هۆپێناوی گەیاندن و پەیوەندیکردن دادەنرێت بۆ هێز و ئایدۆلۆجیا لە ناو کۆمەڵگەدا.

لەوانەیە دیارترین کاریگەریەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەم بورەدا ئەوەبێت کە لەشۆڕششششششی بەهاری عەرەبی لە ساڵی 2011 ڕوویدا لە هەندێك وولاتی عەرەبیدا.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەمان کە تایبەت بوو بە خستنە ڕووی چاودێری کردنی ڕاستەخۆی گەل لەسەر حکومەتەوە ، لە ڕووی بنچینەی فیکری وپاسایی و شێوەکانی چاودێری کردنەکە گەیشتین بە چەند دەرەنجام و ڕاسپاردەیەك لە گرنگترین دەرەنجامەکان:

1–بنچینەی فیکری و فەلسەفی کاریگەر هەیە بۆ زەمینە سازی بۆ پێدانی مافی چاودێری کردنی ڕاستەوخۆی گەل لەسەر کاروبارەکانی حکومەت،بەو پێیەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.

2– لەگرنگترین ئەو بنچینانە وتێۆرانەی خراونەتە ڕوو بۆ پێدانی مافی چاودێری کردن بەگەل بریتین لە تیۆری سەروەرێتی بۆ گەل ، دەوڵەتی یاسایی و بنەمای سەروەری یاسا و تێزی فەیلەسوفەکانی سەردەم وەك هابرمانس لە بارەی دیموکراسی ڕاوێژکارە و بواری گشتی.

3– چاودێری کردنی گەل لەسەر دەسەلاتی جێبەجێکردن ، حکومەت بە دوووجۆر دەبێت ڕاستەوخۆ ،ناڕاستەوخۆ.

4– چاودێری ناڕاستەوخۆی گەل لەڕێگەی نوێنەرەکانی گەل دەبێت لە پەرلەمان ولەڕێگەی چاودێری کردنی کاروباری حکومەت بەو میکانیزمانەی لە دەستوورو پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی دیاری کراون ،وەك پرسیار

[33]وەرم گرتوە لە عزمي بشارة ،الاعلام و مسيرة الاصلاح في الاقطار العربية، المنظمة العربية لمكافحة الفساد، بيروت،2010،ص62.

**،لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی وسەندنەوەی متمانە لە حکومەت ، یان بەهۆی دەزگاو دامەزراوزە ڕەسمیەکانی تایبەت بە چاودێری کردن دەبێت نوەك دیوانی چاودێری دارایی ودەستەی دەستپاکی گشتی...**

**5– چاودێری ڕاستەوخۆی گەل لەو سیستمانەی کەتیایدا دیموکراتی پەیڕەو دەکرێت وچەسپاوە کاریگەری بەهێزی دەبێت،ئەوەش ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی پارتە ڕامیاریەکان ، ڕای گشتی ، هۆیەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو ،بیستراو، خوێندراو ، سۆشیال میدیایەوە.**

**6–چاودێری گەل بە باڵادەست ترین دەسەلاَتی چاودێریە لە کۆمەڵگە ودەوڵەتی دیموکاتیدا.**

**7– دەستووری زۆرینەی دەوڵەتانی سەردەم ،چاودێری کردنی گەل و ڕای گشتی بە گرنگترین دەستەبەری بۆ پارێزگاری لە ماف وسەربەستیە گشتیەکا دادەنێت.**

**8–بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گەل ، بەگرنگترین دەستەبەری ڕەوایی هەرحکومەتێك دادەنرێت.**

**سەرچاوەکان**

1–د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا . القانون الدستوري، تحليل النظام الدستوري المصري في ضوء المبادئ الدستورية العامة، بيروت : الدار الجامعية للطباعة والنشر، 1983 م.

2–د.ثروت بدوي ، النظم السياسية ،ط1،دار النهضة العربية،القاهرة، 1964.

3–**پێشڕەو على محمد امين**، اليات حكم الرشيد في ادارة التنوع الثق، رسالة ماجستير مقددمة الى كلية القانون والسياسة ، بجامعة السليمانية، 2014.

4–د.حسان محمد شفيق العاني . الانظمة السياسية المقارنة ، بغداد : مطبعة المعارف ، 1980 ،

5–د.حسنالبدراوي . الاحزابالسياسيةوالحرياتالعامة،الاسكندرية : دارالمطبوعاتالجامعية،2000 .

6–د.رمزي الشاعر، القانون الدستوري، مطبعة جامعة عين شمس، القاهرة ،1997.

رؤبيرت ماكيفر ،تكوين الدولة، ترجمة، حسن صعب، ط2، دارالعلم للملايين، بيروت ،1984.

7–د.سعد عصفور ،القانون الدستوري، منشأة المعارف، الاسكندرية، 1954.

8–د.سليمان محمد الطماوي، السلطات الثلاث في الدساتير العربية المعاصرة و في الفكر الاسلامي، ط6، دار الفكر العربي، القاهرة، 1996.

9–د.سمير خيرى توفيق ، مبدأ سيادة القانون ، دار الحرية ،بغداد، 1978.

10–د.شمران حمادي . الاحزاب السياسية والنظم الحزبية ، ط1 ، بغداد : مطبعة دار السلام ، 1972 ، ص27 .

11–د.شێرزاد احمد النجار، دراسات في علم السياسة ،دار الدجلة،عمان، 2010.

12–د.شێرزاد ئەحمەد نەجار ،ئیدریس شێخ شەرەفی، پانتایی گشتی وەك بوارێك بۆ گفتوگۆیی ڕەخنەیی عەقلانی،گۆڤاری یاسا و ڕامیاری کۆلێجی یاساوڕامیاری ،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،ساڵی دوانزە، ژمارە 16ی کانونی یەکەمی 2014،

3–د.د.صادق الاسود، علم الإجتماع السياسي، دار الكتب للطباعة ،جامعة الموصل،1989.

14–د.صالح جواد الكاظم و د . علي غالب العاني . الأنظمة السياسية ، بغداد : مطابع دار الحكمة ، 1990–1991 .

15–د.عبدالله المرسي ،سيادة القانون بين الشريعة الإسلامية والشرائع الوضعية، المكتب المصري الحديث للطباعة، 1972.

16–د.عزمي بشارة ،الاعلام و مسيرة الاصلاح في الاقطار العربية، المنظمة العربية لمكافحة الفساد، بيروت،2010.

17–د.فرحان نزال، الرقابة البرلمانية على اعمال السلطة التنفيذية ،دار وائل للنشر ،عمان ،الاردن،2011،ص81.

18–د.كريم كشاش ، الرأي العام وأثره في نفاذ القاعدة الدستورية، مجلة ابحاث اليرموك، سلسلة العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد 10 ،عمان ،1994،ص 63.
19–د.محمد حمدان، الاتصال السياسي، دار وائل، عمان، 2002.
20–د.محمد رفعت عبدالوهاب، النظم السياسية دارالمطبوعات الجامعية، ، الاسكندرية،1993.
21–د.محمد كامل ليلة ، النظم السياسية ، دار النهضة العربية، بيروت، 1969.
22–د.منيب محمد ربيع ،ضمانات الحرية،دار الفكر العربي،القاهرة،1981.
23–موريس ديفرجيه . الاحزاب السياسية ، ترجمة علي مقلد وعبد الحسن سعد ، بيروت: دار النهار للنشر ، 1972 .
24–د.يحي الجمل ،الانظمة السياسية المعاصرة،دار النهضة العربية، بيروت،1996.